ئەم بابەتە لە بەرواری 2014/07/12 لە لایەن م.محمدرافع لە شاری هەولێر گوتراوەتەوە و لەلایەن دۆستان و قوتابییەکانی نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە.

**لەبەرچی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) تایبەتمەندییەکی تایبەتی خۆی پێدراوە لە نێو پێغەمبەران و پەیامبەران؟ ئایا پێویست دەکات پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هەمان توانستی پێغەمبەرانی پێش خۆی پێبدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت میراتەکەیان وەربگرێت و (بیان و تبلیغ)یان لە ئاستی پێویست بۆ بکات؟ وشەی (أَلَمْ تَرَ) لە دوو شوێن هاتووە ئایا مانایان یەك شتە؟**

**ئایا پێغەمبەرمان قسەی لەگەڵ بەرامبەرەکەی ئاڕاستەی گوێچکەی کردووە یان ئاڕاستەی دەروونی و بۆچی؟**

**ڕێپێدانی ڕەهای جاردانی جەنگ دراوەتە کێ؟ و بە چ ئامانجێکە؟ کاتێك فێرخوازێکی پێغەمبەر دەبێت دەسەڵاتداری پلە یەك چی بۆ نەتەوەکەی دەکات؟ ئەوەی جەنگ لەگەڵ رسول الله(علیه السلام و البرکات) دەکات مانای چییە؟ و ئەم جەنگە پەیوەندی بە الله(ﷻ) چییە؟**

**ئەزیەتدانی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) چی دەگەیەنێت؟**

**ئایەتی (مُهَاجِراً إِلَى اللهِ) چۆن جێبەجێ دەکرێت؟ وئایا (هجرة)کردن لۆلای کێ کرا لە مەدینە؟**

**ئایا (ولایة) لۆ کێیە لە قورئان؟ خۆشترین ئایەت لە قورئان**

**کەوا مرۆڤ باسی (حب)ی لەگەڵ کرابێت بۆ کێیە؟**

**ئایا تەنها پێغەمبەر وشەی خۆشەویستی (الحب) لۆ بەکارهێنرا بێت کێیە؟ ئایا وشەی (جهاد و قتال) لە قورئان یەکن؟ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قورئان بۆ تێگەیشتن لە ئایەتەکانی قورئان**

**پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) چاوی سەر، و چاوی (فؤاد)، هەروەها چاوی (قلب)ی هەبووە**

ئەم چاوپێکەوتنەش تەواوکاری چاوپێکەوتنەکانی ڕابردووە، کە هەموومان بەیەکەوە دەچووینە خزمەت پێغەمبەرمان، پلە و پایەی پێغەمبەرمان لەگەڵ پلە و پایەی پێغەمبەرانی دی بەراوورد و پێوانەکاریمان لۆ دەکردن، ئەمەش بە ئایەتەکانی قورئان، لەم چاوپێکەوتنەش هەوڵمدا ئەم کارانە کورت بکەمەوە تاکو بچینە نێو سیرەی بۆنخۆش، ئەمانە هەموو وەك پێشەکییەك بوون لۆ ئەوەی بە کردارییانە بتوانین هەڵسەنگاندن و پێناسە و دەستنیشانی پێغەمبەرمان بکەین.

لە چاوپێکەوتنەکانی ڕابردوو باسی ئەوەمان کرد کەوا ئەگەر هاتوو سەرۆك کۆمارێك خۆی هاتە مەیدان و کەسێکی دەستنیشان کرد لە نێو خەڵك و لەبەرچاوگرتن (اعتبار)ێکی تەواوی دایە ئەو کەسە و وەکو جێگری خۆی و وەکو جێنشینی خۆی و وەکو نوێنەری خۆی، هەموو ئەم سیفاتانەی دا بەو کەسە، جیاوازی ئەم کەسە لەگەڵ کەسێکی دی کە خۆی لە نێو خەڵکدا هەڵبستێت و بڵێت من نوێنەری سەرۆك کۆمارم و من نێردراوی سەرۆك کۆمارم، ئەم بەراوووردکارییەمان ئەنجام دا، بەبێ وێکچوواندن، لە نمونەی یەکەم خودا خۆی لە بابەتەکە راستەوخۆ ئامادە بوو، و خۆی پلەو پایەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)ی دەخستە ڕوو، بە گوێرەی پێغەمبەران(أنبیاء) هەموویان ئەوان خۆیان پلە و پایەی خۆیان دەخستە ڕوو لۆ سەر نەتەوەی خۆیان. لەم بوارەدا کۆمەڵێ شتمان باس کرد، یەکێك لەمانە نزای پێغەمبەران لۆ نەتەوەکانیان، هەر پێغەمبەرێك دوعای تایبەتی خۆی هەبووە لۆ نەتەوەکەی، بەڵام ئەوەی تێبینیمان کرد زۆربەی دوعاکان ڕەنگێکی تایبەت و بە شێوازێکی تایبەت بوون، پاشی دوعاکەش سزای پەروەدگارییانە بەسەریاندا دا دەبەزی، هەرچی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)ی ئێمەیە هەر لە بنەڕەتدا دوور بوو لەم حاڵەتە، لە بنەڕەتدا پێغەمبەرمان نەك تەنیا لۆ گرۆهی ئیمانداران و تەقواکاران دوعای چاکیان لۆ بکات و بەس، بەڵکو لە دوعای پڕ فەڕی ئەو تەنانەت هاوەڵ بڕیاردەران (مشرك) و دووڕووانیش بێ بەش نەبووینە، کەچی لۆ زانین پێغەمبەران(علیهم الصلاة و السلام) (أنبیاء) هەموویان کە دوعایان کردووە، ڕەنگی دوعاکەیان دیاریکراوە و ئاشکرایەو کۆتایی دوعاکەی بە واقیعێکی نەرێنی هاتووە، داواکردنی وشەی (إطاعة)، یان هەڵوێستی (إطاعة) بە گوێرەی کۆی پەیامبەران بە جۆرێك بووە، بەڵام بە گوێرەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) تایبەتمەندی خۆی هەبووە، دەپرسین لەبەرچی بەم شێوەیە بووە؟ یان لەبەرچی

پێغەمبەرمان ئەو تایبەتمەندییەی هەبێت؟ لە هەموو ڕەهەندەکان پێغەمبەرمان نموونەیەکی جۆریی بووە، جا بابزانین لەبەرچی ئائەو حاڵەتەی دراوەتێ؟ بە کورتی لە وەڵامدا دەڵێین: لەبەرئەوەی پێغەمبەرمان کۆتا پێغەمبەر و نێردراوە(خاتم الأنبياء و المرسلين)، کەواتە هەرچی نەتەوەکان هەیە پاشماوەی مایەوە لەم نەتەوانە هی پێغەمبەران و پەیامبەران ئەمانە هەموویان کەم یان زۆر بە میرات لۆ پێغەمبەر دەمێنن.

## ئەو دوو ڕەهەندەی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) مامەڵەی پێوە کردووە لەگەڵ نەتەوەکان:

### ڕەهەندی یەکەم:

### ئەو توانایانەی پێویستە لە پێغەمبەرمان هەبێ بەرامبەر بە نەتەوەکانی دی:

**یەکەم:** لۆ نموونە وەك یەکتاپەستەکان (الموحدين) کە لە سەردەمی پێغەمبەر هەبوونە، کە پێیان گووتراوە (أحناف)، ئەو کاتە لەسەر ئایینی پێغەمبەر ئیبراهیم بوونە، ئیبراهیم(عليه السلام) (صحف)ی هەبووە، (إِنَّ هَٰذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَىٰ * صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ)(الأعلى18-19)، جا ئەو ئەحنافانەی کە لەسەردەمی پێغەمبەر هەبوونە، لەبەرئەوەی پێغەمبەرمان بەرپرسە لەوانیش لە ڕۆژی دوایی، کەواتە دەبێ پێغەمبەرمان بەقەد ئیبراهیم(عليه السلام) ماددەی لەلا بێت، هەروەها (لسان)ی ئیبراهیمیشی لە لا بێت، کاتێك دەکەوێتە گفتووگۆ لەگەڵ ئەحنافەکان بە هۆیەوە بتوانێت (بەڵکو کەمێکیش زیاتر لەم پێغەمبەرە بتوانێت) گفتوگۆ لەگەڵ ئەحنافەکان بکات، صابئەکان هەن شوێنکەوتووانی داوود(عليه السلام)، دەبێ پێغەمبەرمان لۆ کۆمەڵی صابیئەکان بەرپرادەیەك شارەزای زەبوور بێت بەقەد داوود(عليه السلام)، کاتێك ئەگەر هاتوو ڕووی قسەی ئاڕاستەی صابیئەکان کرد، ئەوکات بتوانێت ڕوونکردنەوە و پێگەیاندن (بيان و تبليغ) و شەهادەتیان لەسەر بکات، بەهەمان شێوە جوولەکە، هەمان پێوانەش لۆ مەسیحییەکان، هەرچی تواناکانی پێغەمبەران هەیە و هەرچی صوحف و پەرتوکێکیان هەیە ئەمانە هەمووی لۆ پێغەمبەرمان هەیە، هەمووی کۆکراوەتەوە لە نێو قورئانەکەی.

**دووەم:** لە هەمان کات پێغەمبەرایەتی (نبوة)ی ئەم هەمووەی دەبێ کۆ بکرێتەوە لە لای پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) تاکو بتوانێت، ببێتە زمانحاڵ (لسان)ی ئائەو پێغەمبەرەی لۆ نەتەوەکەی، جا لۆیە ئەم هەموو پلە و پایە و شەرافەتکردندنە کە دەدرێتە پێغەمبەرمان وەك ئەوەی پشکی هەموو پێغەمبەران کۆ بکەیتەوە لە لایەکی تەرازووی دابنێییت، دەبێ پێغەمبەریشمان بەقەد هەموویان بەشە پشکی پێ بدرێت، کەمترین پشکێك کەم بێت لە ئاست هەر پێغەمبەرێك کە لە لایەنی یەکەم هەیە، جا هەر برە بەشێك نەدرێتە پێغەمبەری ئێمە، کە لە لای پێغەمبەری خۆیان ئەم بەشە پشکە بوونی هەبووە، پێغەمبەر ناتوانێت ڕوونکردن و پێگەیاندن (بيان و تبليغ) بکات لۆیان، ئەو کاتە نەتەوەکە بیانوویان دەبێت لەسەر خودای ڕەحمان لە ڕۆژی دوایی، لۆیە هۆزێك لە هۆزەکانی عەرەبی کاتێك قسەیان دەکرد لە نێوان خۆیان هەموو رستەکانیان بە پیتی (میم) کۆتایی دەهات، کاتێك شاندی ئەم هۆزە هاتە خزمەت پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) بە هەمان شێوەزاری خۆیان قسەی لەگەڵ کردن، ئەگەر تێبینیتان کردبێت (کرمانجێتی) خۆمان کە قسان دەکەن پیتی (حاء) دەکەنە (عەین) و پیتی (عەین)یش دەکەن بە (حاء)، لە نێو هۆزە عەرەبییەکان ئەم حاڵەتە زۆرە، هەبووە پیتی (قاف) دەکەن بە (غەین) و (غەین) دەکەن بە (قاف)، ئەوەی لە خزمەت پێغەمبەر بووینە لە شاندەکە لە کاتی قسەیان سەرەتای وشەکانیان بە پیتی (ئەلیف و میم) دەست پێ دەکرد، جا لۆئەوەی پێغەمەبەر(عليه السلام و البركات) لە ئاستی ئەم هۆزە قسە بکات، و بە تەواوی تێبیگەیەنێت، (وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ)(النساء63) لە ئاستی دەروون و نەفسییەتیان قسەیان ئاڕاستە بکە، وەك لە فەرموودەی هاتووە"( لَيْسَ مِنَ امْبِرِّ امْصِيَامُ فِى امْسَفَرِ)(مسند كعب بن عاصم الأشعري) ئەمە هەمووی شێواز و ڕێگەی پێغەمبەرمان بووە لەگەڵ ئەم هۆزەی، واتە ئەگەر بهاتایا بەبێ وێکچوواندن هۆزێکی ئێمە بچوونایا خزمەت پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) پیتی (حاء) و (عەین)یان لەیەکتر جیا نەکردبا ئەوا وەك ئەوان قسەی دەکرد، لۆ؟ چونکە (وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ)(النساء63)، واتە پێغەمبەرمان دەبێ بچێتە نێو دەروونی کەسایەتییەکان تاکو بتوانێت لە ئاستی دەروونی ئەوانەوە قسەیان ئاڕاستە بکات، بەبێ وێکچوواندن وەك چۆن ئێمە لەگەڵ منداڵی بچووك قسە بکەین، تەمەنی ساڵێك جا زیاتر یان کەمتر بێت، جا ئەم منداڵە بەرەو ئاگر بچێت، کە گەرمە و دەیسوتێنێت، پێی ناڵێین ئەوە مەترسیدارە! بەڵکو دەڵێین (بڤە)یە، لۆ نموونە شیرینی ناڵێین ئەوە شیرینییە و ئەوە پاقلاوەیە، وشەکە دەردەبڕێت بەڵام نووسینی هەندێك زەحمەتە (نچێە)، بەمە دەگوترێت قسەکردن لەگەڵ دەروونی منداڵەکە، واتە دایك یان منداڵ دەچێتە نێو دەروونی منداڵەکەی، گفتووگۆ لەگەڵ دەروونی منداڵەکەی دەکات تاکو بڕوا بە منداڵەکەی بێنێت، ئەمە شێوازی گفتووگۆی پێغەمبەرمان بووە، جا هەرچی نەتەوەیەك بە میرات لۆی ماوەتەوە دەبێ پێغەمبەرمان لە ئاستی ئەو

نەتەوەی قسە بکات، من باوەڕم وایە کەوا تاك تاك لەگەڵیان وا بووە، دواتر ئەگەر بەردەوام بووین دەیسەلمێنین کە پێغەمبەرمان چۆن توانیویەتی دەروونی بەرامبەرەکەی بخوێنێتەوە، نەك هەر تەنیا بیخوێنێتەوە بەڵکو هەست بەوەش بکا کە ئەو بەرامبەرە دەیەوێت چۆن چۆنی گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت، یاخود چۆن دەست بکات بە گفتووگۆ لەگەڵی، ژوورەوەی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە لەبەردەم پێغەمبەرمان وەك تەلەفزیۆن ئاشکرا بووە، توانیویەتی هەموو ڕەهەندەکات دیاری بکات، و بەگوێرەی ئائەو ڕەهەندانەش قسەیان لەگەڵدا بکات، جا ئەگەر لۆ توێژێك بەم جۆرە بێت بێگومان لۆ گشت مرۆڤایەتیش هەر بەم جۆرە دەبێت.

**سێیەم:** جا لۆیە پێغەمبەرمان دەبێ فایلەکان، صوحف و پەرتووکەکانی هەموو پێغەمبەرەکان، لە هەمان کات ڕێگەکانی گووتنەوە و ئەو شێوازەی کە پێغەمبەران(علیهم السلام) بەکاریان هێناوە لۆ نەتەوەکانیان، دەبێت ئەمانە هەمووی لە لای پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هەبێت، هەروەها دەبێت بە ئەرێنی بتوانێت بیگوازیتەوە لۆ نەتەوەکانیان، جا لۆیە ئەگەر بێتوو پلە و پایەی هەموو پێغەمبەرەکان، هەموو پەیامبەران، لە لایەکی تەرازوو دابنێین، و پێغەمبەرمان لە لایەکەی دی تەرازوو دابنێین، ئەگەر پێغەمبەرمان بەقەد ئەوانی لە لا نەبێت دەبێت زیاتری لە لا بێت، جا لۆیە هەرچی ئایات هەیە لە قورئان، بەم شێوازە پلەو پایە لۆ پێغەمبەرمان دادەنێت. ئەمە ڕەهەندی یەکەم.

**ڕەهەندی دووەم:**

ئێمە خۆمان دەزانین گەل و نەتەوەکان بە درێژایی مێژوو بە کۆمەڵێك بارودۆخ و ڕووداوگەلێك دا دەچن کە زانایانی کۆمەڵناسی و زانایانی مێژوو ناویان ناوە بە پەرەسەندنی شارستانی، عەقلییەتی مرۆڤەکەی هێدی هێدی بەرەو پەرەسەندن ڕۆیشتووە، لەبەرئەمەشە خودای ڕەحمان کە پەیامەکانی دابەزاندووە تێبینی ئەوەی کردووە هەر نەتەوەیەك کەوا پەرەسەندنی عەقلی و زانستیی لە چ ئاستێك بوو‌بێت، لە ئاستی خۆی بنچینەکانی لۆ دابەزاندووە، لۆ نموونە سەیری نەتەوەی نوح بکەین، هێدی هێدی بێینە خوارەوە، شوعەیب، هود، صالح، تەنانەت موسی. پەرەسەندنی شارستانی مرۆڤ، لۆ نموونە (وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتاً فَارِهِينَ)(الشعراء149)، دیارە نەتەوەیەك هەبووە ئامێری پێشکەوتووی لەم جۆرەی هەبووە کەوا بتوانێت چیا بکۆڵێت، و لە نێو چیاکان کۆشك و تەلار دروست بکات، وەك شاری (بطراء) (وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ) واتە (نحت)ە، ناڵێت (و تخرجون) (نحت) واتە شێوەکاری و داتاشین لۆ نموونە شێوەی مرۆڤێك یاخود ئاژەڵێك یان هەرچییە دەربهێنرێت، ئەم کۆشکانەی شاری (بطراء) لە چیا دروست کراوە، کەواتە توانیویانە ناوازەترین خانووی لە کەرتە چیایەك دروست بکەن، باڵای مرۆڤەکان لەچاو ئەم کۆشکانە زۆر زۆر بچووکە، مرۆڤەکە لە نزیك کۆشکەکان وەك میرووڵەیەك دێتە بەرچاو، کاتێك دەست لە ستوونەکانی ئەم کۆشکانە دەخشێنیت ستوونەکان لە مەڕ مەڕ لوس ترە، ئەو کاتە هەست دەکەیت ئەو مرۆڤانەی ئەو سەردەمە دەبێت چ جۆرە ئامێر و ئامرازی پێشکەوتوویان هەبووبێت، بتوانن لە چیای (وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتاً فَارِهِينَ)(الشعراء149)، خودای ڕەحمان کە دێت پەیام بە هۆی پەیامبەر لۆ ئەو نەتەوە دەنێرێت، ئەم نەتەوەیە خاوەن شارستانییەتە، خاوەن زانستە، کە بەم جۆرەیە دەبێ ڕۆشنبیری و هەست و تێگەیشتنی هەبێت، جا پەیامبەرەکەی دەبێت لەم ئاستە قسەی لەگەڵ نەتەوەکەی بکات، لەم ئاستەی کەمتر بێت گاڵتەی پێ دەکەن، لەمەش زیاتر بێت تێیناگەن! تەماشا بکەن پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) کە دێت لەگەڵ ئەم نەتەوەیەی قسە دەکات دەبێ لە چ ئاستێك بووبێت؟ چونکە ئەم نەتەوەیە بە میرات لۆ پێغەمبەرمان دەمێنێت، هۆزی عاد، هۆزی شوعەیب، هۆزی صالح(علیهم السلام)، ئەمانە هەمووی بوونیان هەیە لەم سەردەماە، جا ئەم هەموو پەرەسەندنە جۆرییە لە شوێن و کات (الزمكانية) کە ڕوویداوە لە پەیامبەرێکەوە لۆ پەیامبەرێك، و لە پەیامێکەوە لۆ پەیامێکی ترەوە، دەبێت پێغەمبەرمان لە نێو ناوەوەی خۆی شان بەشانی ڕۆیشتبێت، دەبێ پێغەمبەرمان لەگەڵی ژیابێت، بەڵکو پێغەمبەرمان لەگەڵیشیان بووبێت.

**وشەی (أَلَمْ تَرَ) لە دوو شوێن هاتووە ئایا مانایان یەك شتە؟**

لۆیە کە ئایەت دادەبەزێت: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوْتُواْ نَصِيباً مِّنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ اللّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ)(آل عمران23).پاشان (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ)(الفيل1)، دەپرسین ئایا لەم دوو ئایەتەی سەرەوە هەر دوو وشەی" (أَلَمْ تَرَ) جیاوازییان هەیە؟ جیاوازییان نییە، لەمەی یەکەم باسی کۆمەڵێك جولەکەیە (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوْتُواْ نَصِيباً مِّنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ اللّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ)(آل عمران23). ئەمە باسی کاتی سەردەمی پێغەمبەرە(علیه السلام و البرکات) بە وشەی (أَلَمْ تَرَ) دەست پێ دەکات، کەچی لە ئایەتی دووەم هەمان وشە (أَلَمْ تَرَ) باسەکە لێرە باسی (أَصْحَاب الْفِيل)ە، کە ڕووداوەکە بەر لە لەدایکبوونی پێغەمبەرمان بە (40) ساڵ

ڕوویداوە، جا (أَلَمْ تَرَ) لەگەڵ (أَلَمْ تَرَ) جیاوازییان نییە، ئەوەی یەکەم چ حوکمێکی هەیە؟ ئەو (أَلَمْ تَرَ)ی سەردەمی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەبێت هەمان حوکمی (أَلَمْ تَرَ)ی دووەمی هەبێت، کەواتە هەرچی ڕووداو هەبووە، هەرچی ڕووداوگەڵێك (وقائع)ێك هەبووە، پێش سەردەمی پێغەمبەریش، پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) هەمووی بینیوە، لۆ؟ چونکە ڕووداوەکان هەمووی ووزە (طاقات)ن، ئەم ووزانە لە ئاسمانی گۆی زەوی بە بارکراوی (خزن) دەمێننەوە و ناتوانن بچنە دەرەوە، جا لۆیە هەرچی ڕووداو کاتێك ڕوودەدات، پێغەمبەرمان ئامێری هەیە دەبێت بیبینێت، نەك تەنیا دەبێ بیبینێت، بەڵکو دەبێ لەگەڵی بژیێت، دەبێت لەگەڵ ڕووداوەکەی بژیێت، لۆئەوەی کە ئەگەر هاتوو بابەتەکان هاتنە گۆڕێ لەگەڵ ئەم ڕووداوەی، ئەو کاتە پێغەمبەرمان هەمان هەستی هەبێت، کە پێغەمبەرەکان هەیان بووە. کەواتە ڕەهەندی دووەممان ئەوەبوو کە پێغەمبەرمان لەگەڵ ڕووداوەکان ژیاوە و ڕووداوەکان لە خزمەتی بووینە، لێواو لێو وەکو پێغەمبەرەکە ژیاوە.

کەواتە جۆراوجۆری شارستانی، و عەقلییەتی مرۆیی، چەند بەرەو پێش چوو بێت، دەبێ پێغەمبەرمان شانبەشانی بڕوات و لەگەڵی بێت، جا لۆیە کۆمەڵی (أحناف) کە لە سەردەمی پێغەمبەر هەبووبن، و لەگەڵ (صحف) ئیبراهیم(علیه السلام) مامەڵەیان کردبێت، بنچینەکان هەر چەند سادە بووبێت، عەقلییەت و ڕێگەی بیرکردنەوەیان لۆ یەکتاپەرستی بەم شێوە بووبێت، دەبێ پێغەمبەرمان بەم شێوەیە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، جا لۆیە خودای ڕەحمان لە قورئان بەم ڕاددەیە پلەو پایە لۆ پێغەمبەرمان دادەنێت. ئاستی بەرپرسیارێتی ئەو پێغەمبەری لە ئاستی پلەو پایەکەیەتی، پلەو پایەشی لە ئاستی بەرپرسیارییەکەیەتی، ئینجا ئەو پێغەمبەرە کە دێت جوولە و چالاکی دەکات، مرۆڤەکان دەبن بە دوو بەشەوە، بەشێکی پاڵپشتی دەکات و دەبن بە ئیماندار، بەشەکی دی ڕەتی دەکەنەوە و ئەویش چەندین پۆلی تێدایە، ئیمرۆ لە خزمەتتان باسی لایەنی دووەم دەکەم نەك ئیمانداران.

**ڕێپێدانی ڕەهای جاردانی جەنگ دراوەتە کێ؟ و بە چ ئامانجێکە؟**

کۆمەڵێکمان هەیە خودای ڕەحمان گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات بە ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ)، (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ * فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ) ئەگەر واتان نەکرد باسەکە باسی سووخواردنە، ئەی ئیماندارەکان واز لە سووخوارد بێنن، (فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ) چ دەفەرموێ؟ (فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ)(البقرة279)، ئەگەر ئێمە بێینە واقیعی جێبەجێکردن یان دابەزاندنی ئایەتەکەی لۆ واقیع، ئایا الله دێتە نێو جەنگ؟ بریکاری الله کێیە لەسەر زەوی؟ رسول الله یە(علیه السلام و البرکات)، کەواتە هەرچی ڕێپێدان هەیە، بەبێ وێکچوواندن وەزیری بەرگری هەیبێت، کە ڕێپێدان (صلاحیة)ی ڕەهایە، لە جاڕدانی جەنگ و ڕەفتار و جوولە بە یەکەکە سەربازییەکان، هەموو ئەمانە لەژێر دەسەڵاتی وەزیری بەرگرییە، (بەبێ وێکچوواندن) پێغەمبەرمان ئائەو ڕۆڵەی هەیە، پێغەمبەرمان ئەم ڕۆڵەی هەیە لەلای رب العالمین، ئەو مافەی هەیە بە کردارییانە جاڕی جەنگ بدات لەگەڵ ئەوانەی کەوا سووخۆرن، بەڵام هیچ پێغەمبەرێکی دی ئەم پلە و پایەی نەدراوەتێ، لەبنەڕەتدا ئەو ڕێپێدانەی هەر نییە، لۆ ئەو ڕێپێدانەی دراوەتێ؟ لۆ ئەوەی بتوانێت گۆی زەوی لە بواری ئابووری دەستی بەسەردا بگرێت، ئەو کێشەیەی کەوا ئەمڕۆ گۆی زەوی تێیدا دەژیێت، وەك بەبیرهێنانەوە بەر لە سێ ساڵ دارمانی ئابووری ئەمریکی و ڕۆژئاوایی بوو، تەنانەت کاریگەری لەسەر ئابووری کوردستان و عێراقیش کرد، هۆکارەکەی چ بوو؟ بریتی بوو لە سوو (الربا). جا لەبەرئەوە پێغەمبەرمان لەسەر زەوی بریکاری خودای ڕحمانە، جێنشینی خودایە(ﷺ)، کەواتە دەبێ ئاگاداری باری ئابووری هەموو مرۆڤەکان بێت، سکی بە هەموو مرۆڤەکان بسوتێت تەنانەت لە بواری ئابووریش.

**کاتێك فێرخوازێکی پێغەمبەر دەبێت دەسەڵاتداری پلە یەك چی بۆ نەتەوەکەی دەکات؟**

یەکێك لە فێرخوازی ئەو کە زۆر جار کە دادەنیش دەیگووت"(و الله إني لأخشى أن يحاسبني الله يوم القيامة في عنزة زلت قدماها في الفرات) ئەمە وتەی کێیە؟ عومەری کوڕی خطابە، پێشەوا عومەر یەکێك بوو لە فێرخوازانی ئەو پێغەمبەرە(علیه السلام و البرکات)، هەر هەمان ئەو کەسە شەوان لە نێو گەڕەکەکانی مەدینە هاتووچۆی دەکرد، گوێی دەدایە گفتووگۆی نێوان ژن و مێرد یان دایك و منداڵ، یەکێك لە م ڕووداوانە کەوا گوێی لە گریانی منداڵێك دەبێت، دواتر دەگەڕێتەوە دەبیستێ منداڵە هەر خەریکی گریانە، دوای کاتژمێرێك یان کاتژمێر و نیوێك دووبارە دەبینێت منداڵەکە ژێر نەبۆتەوە لۆ جاری سێیەم دەبینێت منداڵەکە هەر خەریکی گریانە، دەڵێ یا أمة الله لۆ ئەم منداڵەی ژێر ناکەیتەوە؟ ئافرەتەکە وەڵامی دەداتەوە دەڵێ بەتەمام لە شیری دابیڕێنم، ئینجا ئەویش دەڵێ جا کێشەی ئەمە لە چی دایە؟ ئەویش دەڵێت ئەمیری ئیمانداران مووچە نادات بە منداڵان تاکو لە شیر نەکرێتەوە، ئینجا خێزانی ڕیوایەتەکە تەواو دەکات و دەڵێت کاتێك هاتەوە ماڵەوە تاکو بەیانی هەر گریا! دەیگوت ئەی عومەر دەب ێبووبێتی بە هۆکاری مردن و فەوتانی

چەند منداڵە موسڵمان؟ لۆ زانین ئەو عومەرە بوو بە دەستی خۆی کچی لە ژێر خۆڵ ناوە، بەڵام پاشان بەم جۆرە سەیری منداڵانی خەڵکی مەدینەی دەکرد، نەك تەنیا هەر ئەوەندە بەڵکو حیسابی گیسکێکی دەکرد نەوەك قاچەکانی بخزێت لە ئاوی فورات! جا ئەمە فێرخوازێکە لە فێرخوازەکانی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، یەك کەسە، ئەی دەبێ پێغەمبەرەکە دڵ و دەروونی چۆن بێت بەرامبەر هەموو مرۆڤایەتی؟ ئایا دۆخەکە دێتە بەرچاوتان کەوا چۆنە؟ ئەمە پلەو پایەێکە لە پلەو پایەکانی پێغەمبەرایەتی ئەو زاتە.

## ئەوەی جەنگ لەگەڵ رسول الله(علیه السلام و البرکات) دەکات مانای چییە؟

## و ئەم جەنگە پەیوەندی بە الله(ﷻ) چییە؟

(إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً)(المائدة33) دیسان ئەوانەی جەنگ لەگەڵ رسول الله دەکات وەك ئەوە وایە لەگەڵ الله بجەنگێت، لۆیە خودا خۆی بە پێش خستووە، ئایا کەس دەتوانێت چەقۆی لە الله دەربێنێت! یان فیشەك لە خودا بدات! بەڵام دەتوانێت وا لە پێغەمبەر بکات، جا ئەگەر وای لە پێغەمبەر کرد واتە وای لە الله کردووە، سەیری پلە وپایەی پێغەمبەر بکەن لەلای رب العالمين، (إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ)(المائدة33) کەواتە محاربة الرسول واتە محاربة الله، لۆ زانین ئەو پلە و پایەیە لۆ هیچ پێغەمبەرێك نییە.

## دروست کردنی بارگرانی (المشاقة) لۆ پەیامبەری الله(ﷻ)

بێینە سەر باسی دروست کردنی بارگرانی (المشاقة) لۆ پەیامبەر، (ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَمَن يُشَاقِقِ اللّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ * ذَلِكُمْ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابَ النَّارِ)(الانفال13-14) هەمان شت ئەوەی ئەزیەتی پێغەمبەرمان بدات ئەوا ئەزیەتی (الله)ی داوە، وشەی (مُشاقة) واتە دوژمنایەتی لەگەڵ پێغەمبەر کردن، واتە ئەوەی ئەزیەت و دوژمنایەتی لەگەڵ پێغەمبەر کرد واتە ئەزیەت و دوژمنایەتی کردن لەگەڵ رب العالمین کردووە، هاوشێوەی ئایەتەکەی دییە، بێگومان ئەمە تەنیا لۆ کێ هەیە؟ تەنیا لۆ پێغەمبەرمان هەیە، لۆ نموونە پێغەمبەر هەبووە کۆچی کردووە، وەك دەفەرموێت"(وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللّهِ يَجِدْ فِي الأَرْضِ مُرَاغَماً كَثِيراً وَسَعَةً وَمَن يَخْرُجْ مِن بَيْتِهِ مُهَاجِراً إِلَى اللّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلى اللّهِ وَكَانَ اللّهُ غَفُوراً رَّحِيماً)(النساء100) لە پێش (إِلَى اللّهِ) چ هەیە؟ (مُهَاجِراً إِلَى الرَسُولِ) ئاي تێبینی ئەوە دەکەن، کۆچ کردن تەنیا لۆ (الله)(ﷻ) نییە، بەڵکو کۆچکردن لۆ پێغەمبەریش بووە، واتە ئەگەر کەسێك دەرچووبێت لە مەککە، هەڵبەتە کۆچکردن بە سێ قوناغ تێپەڕیوە:

یەکەم: لەسەرەتا بە لەبەرچاو خۆشەویستکرن (تحبیب) دەستی پێ کرد.

دووەم: پاشان بووە هەڕەشە.

سێیەم: پاشانیش ئەوەی کەوا کۆچ نەکات ئەوا کافرە، (مَا لَكُم مِّن وَلاَيَتِهِم مِّن شَيْءٍ)(الأنفال72) تەنانەت ئەوانەی کەوا لەوێ مانەوە بە (مشرك) هەژمار کران تەنیا ئەوانەی کەوا (مستضعف)بن لە مەککە ئەوا بە (مشرك وکافر) هەژمارنەکران، (إِلاَّ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلاَ يَهْتَدُونَ سَبِيلاً)(النساء98) ئەوانەی جیاکردەوە لێی.

## ئایەتی (مُهَاجِراً إِلَى اللّهِ) چۆن جێبەجێ دەکرێت؟

دەگەڕێینەوە باسی ئایەتی کۆچکردنەکە، (مُهَاجِراً إِلَى اللّهِ) دەپرسین ئایا چۆن کۆچ لۆ شاری مەدینە دەکات، ئایا خودا لە مەدینەیە؟ نەخێر، بەڵکو جێنشینی خودای لە مەدینەیە (وَرَسُولِهِ ) (مُهَاجِراً إِلَى اللّهِ وَرَسُولِهِ)، جا لۆیە (هجرة) ئیمانییانە لۆ لای پێغەمبەر بوو، کە دەبوا پێغەمبەریش بەڕاست دانانی (تصدیق)ی لۆ بکات، لۆیە کۆمەڵێك لە ئیماندارانی ئافرەت(مؤمنات) کاتێك کە کۆچیان دەکرد، فەرمانی لۆ هات کەوا تاقیکردنەوەیان لۆ بکات، (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ)(الممتحنة10) لۆیە فەرموودەیەکمان هەیە کەوا باس لەمە دەکات"(إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا أَوِ امْرَأَةٍ يَتَزَوَّجُهَا فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ)(أبو داود) ئەمە ڕاڤەی ئایەتی پێشووە، کەواتە

کۆچکردنێك هەیە لۆ الله و کۆچکردنێکیش لۆ (الی الرسول)، ئەمانەی باسمان کرد پلەو پایەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) بوو بە بەراوورد لەگەڵ پلە وپایەی پێغەمبەران لە نێو قورئان.

## (ولایة)کردن چۆن دێتە جێی و بۆ کێیە؟

(تولي) (الولایة) وشەی (الولي) لە قورئان بە چوار مانا هاتووە هەمووی کۆ دەکەیتەوە پێی دەگوترێت (الولي)، ئەوانیش"(معین، نصیر، صاحب، صدیق) واتە بە کۆکردنەوەی ئەم چوار مانایە وشەی (ولي) دروست دەبێت، دەفەرموێت"(إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ * وَمَن يَتَوَلَّ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ فَإِنَّ حِزْبَ اللّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ)(المائدة55-56) هەمان شت لێرە دیسان ویلایەتی پێغەمبەری کردۆتە ویلایەتی الله، واتە ئەوەی کرداریبانە پێغەمبەر بکاتە (ولي) خۆی ئەوا بە دڵنیاییەوە خودای کردۆتە (ولي) خۆی، خودا و پێغەمبەر و گرۆی ئیمانداران کە لە ئاستی (ولاء) دەگەنە ئاستێك کەوا بێجگە لە پێغەمبەر بە (ولي) قەبوڵ ناکەن، یەکسەر ئائەوانە ئەندامن لە حزب الله.

## خۆشترین ئایەت لە قورئان کەوا باسی (حب)ی لەگەڵ کرابێت بۆ کێیە؟

## ئایا وشەی (جهاد و قتال) لە قورئان یەکن؟

خۆشترین ئایەت لە قورئان ئەو ئایەتەیە کە تەنها پێغەمبەرە کەوا باسی (حب)ی لەگەڵ کرابێت" (قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ)(التوبة24) لەم ئایەتە خودای ڕەحمان خۆشەویستی پێغەمبەری لە ئاستی خۆشەویستی خودای داناوە، (وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ) واتە ئائەو کۆشش و (جهد)ەی کە داواکراوە کەوا لە لوتکەوە بە جێی بگەیەنێت لۆئەوەی بگاتە خودا و پێغەمبەری، لۆ ڕوونکردنەوە (وشەی (جهاد) لەگەڵ وشەی (قتال) لە قورئاندا جیاوازییان هەیە) قتال شتێکە و جهاد شتێکی دییە، ئەوە تەنها ئایەتە لە نێو قورئان کە باسی (حب)ی پێغەمبەر ببەستێتەوە بە (حب)ی خودای ڕەحمان بریتییە لەم ئایەتە، و ئەو جیهادەی کە لە ئایەتەکە باسکراوە دەبێ کابرای ئیماندار بەرامبەر بەم هەشت جۆرەی کە بە پیتی (و) بەیەکیان گرێ دەدات، (قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ) نالّێت (أو أبنائکم)، (قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا) واتە هەرشتێ لە خۆشی و چێژی دونیایە لەم کۆمەڵە شتانەن، ئەمانەی کەوا ناویان دەبات (أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ) و لۆ ئەم دووانە ئەگەر ئێوە کۆشش نەکەن، لەم ئاستەش، ئەوانتان خۆش نەوێت لە بەرامبەر ئەم هەمووەی، ئەوا ئەو کاتە ئێوە کۆشش (جهاد)تان نەکردووە، واتە (وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ) پەیوەستە (حب الله و رسوله) کە پێویستە لەمە ئاگادار بین، تەفسیرکاران (جهاد)یان جیاکردۆتەوە لەگەڵ (الله و الرسول)، (خودا عفویان بکات) زۆربەیان وشەی (جهاد)یان بە مانای(قتال) لێکداوەتەوە.

دەپرسین ئەی لەبەرچی وشەی مانای (مفهوم)ی (جهاد) لێرە لەبەرچی لەدوای (رسول) هاتووە؟ ئەوەی من تێیگەیشتووم ئەوەیە دەبێت کابرا ئەوەی کە حەز و ئارەزووەکانێتی لە (باوك و کوڕ و برا و خێزان و هۆزەکەی و ئەو پارانەی کەوا کۆی کردۆتەوە و بازرگانییەکەی و ئەو کۆشك و ڤێلایانەی کە بینای کردوون ئەمانە هەمووی ئینجا لەبەرامبەر ئەمانە هەموو هەڵنەستا کەوا (جیهاد) بکات لەگەڵ (نفس)ی خۆی و خودا و پێغەمبەرەکەی لەمانە لە هەمووی زیاتری خۆش نەوێن ئەو کاتە ئەو کەسە ئیماندار نییە، کەواتە (جهاد) کردنەکە ئیشکردنە لەسەر دڵ و دەروون (نفسیة)یەتی مرۆڤەکە خۆی، تاکو خودای ڕەحمان و پێغەمبەرەکەی لەحەز و ئارەزووەکانی خۆشتر بوێت، لەبەرئەوەی کە پێغەمبەری خۆشویستووە کەواتە خودای ڕەحمانی خۆشویستووە، وەك لە فەرموودە هاتووە (عن أَبُو عَقِيلٍ زُهْرَةُ بْنُ مَعْبَدٍ أَنَّهُ سَمِعَ جَدَّهُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ هِشَامٍ قَالَ كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم وَهْوَ آخِذٌ بِيَدِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ فَقَالَ لَهُ عُمَرُ يَا رَسُولَ اللَّهِ لأَنْتَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ إِلاَّ مِنْ نَفْسِي . فَقَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم « لاَ وَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْكَ مِنْ نَفْسِكَ » . فَقَالَ لَهُ عُمَرُ فَإِنَّهُ الآنَ وَاللَّهِ لأَنْتَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ نَفْسِي . فَقَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم « الآنَ يَا عُمَرُ »)(بخاری)، یاخود دەفەرموێت (حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الْمُثَنَّى قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ الثَّقَفِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا أَيُّوبُ عَنْ أَبِى قِلاَبَةَ عَنْ أَنَسٍ عَنِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم قَالَ « ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلاَوَةَ الإِيمَانِ أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، ...»)(بخاری) ئەمەش هەمان مانای ئەو ئایەتەیە. کەواتە ئەمانە هەمووی پشکێکی زۆر کەمە لە نیشاندانی پلەو پایەی پێغەمبەرمان بە بەراوورد لەگەڵ پلە و پایەی پێغەمبەرانی دی لە قورئان.

## پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) چاوی سەر، و چاوی (فؤاد)، هەروەها چاوی (قلب)ی هەبووە

پرسیار: مانای (رؤیة) چییە لەم ئایەتە کە دەفەرموێت"(أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقاً فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاء كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ)(الأنبياء30) کە باسەکە باسی سەرەتای دروست بوونە؟

ئێمە شێوازێکمان هەیە لە وەرگرتنی ماناو تێگەیشتن لە ئایات، ئەویش ئەوەیە کەوا ئایات بە بابەت وەردەگرین، لۆ ئەمەش ئایات پێشی هەیە و پاشیشی هەیە(سابقة و لاحقة)، بە ئایەتەکانی پێشی لەگەڵ ئایەتەکانی دواتری ئینجا ماناکەی لێواو لێو تەواو دەبێت، واتە مەرج نییە ئەو ئایەتە لە ژمارەیەک لۆ ژمارەیەک مانای تەواو بدات، جا وا باشە بچینە خزمەت ئایەتەکانی پێشوو خۆی و کۆمەڵە ئایاتەکانی پاشی تاکو مانای ئایەتەکان لە ڕووی هزرەوە تەواو ببێت، بە کورتی وشەی (رؤية) مانای خۆی هەیە، ئەو ئەندامەی بەکاری دێنین بریتییە لە چاو (عین) ئەمە وەك ئامێر، کە ئەویش چەند شتێکی هەیە وەك"(رؤية، إبصار، نظر) تەنانەت لۆ هەندێ مرۆڤ (خائنة الأعين)ی هەیە، کەواتە جووڵەی ئا ئەو چاوەی (العين) بە گوێرەی کۆمەڵێك دراو (معطيات)ی دیاریکراو دەجولێتەوە، کاتێك ئەو چاوە بە پێی ئاەو دراوانەوە جوولە دەکات، ئەنجامەکانیشی جیاوازن، لۆ نموونە چاوی کابرای ئەندازیار ئێمە لە بواری زانستی ئەندازەیی چەندین تایبەتمەندی جۆراو جۆرمان هەیە، لۆ نموونە ئەندازی مەدەنی لەگەڵ ئەندازەی تەلارسازی، ئەگەر بێین و بینایێك هەڵبسەنگێنین کەوا لە پێنج قات پێکهاتبێت، داوا لەم دوو ئەندازیارە بکەین کەوا لۆمان دیاری بکەن ئاخۆ چەندی لێ سەرف کراوە؟ دڵنیاین ئەو ئەندازیارەی کەوا تایبەتمەندی تەلارسازییە دێت هەرچی دیزاین و پێشەکی و پەیکەربەندی بیناکەمان لۆ هەڵدەسەنگێنێ، بەڵام ئەوەی کەوا سەرنجی ئەندازیاری مەدەنی ڕادەکێشێت بریتییە لە بڕی ئەو قوم و چەگڵ و چیمەنتۆیەی لە بیناکە بەکارهاتووە، هەروەها بڕی ئەو شیشەی بەکارهاتووە چەندە، ئینجا هەڵدەستێت بە لێکدانەوەی ئەمانە، لە وڵاتی ئیسپانیا پێشانگایەك کرایەوە لۆ وێنەکێشێکی زۆر بە توانا، کە تەنانەت عومدەی ئەو شارەی بانگهێشت کرابوو لۆ کردنەوەی پێشانگاکە، لەبەرئەوەی ڕۆژی یەکەم قەرەباڵغی زۆر بوو، لە ناکاوێك و لەبەردەم یەکێك لە وێنەکان زەلامێك هاوار دەکات و وشەیەکی ناڕێکیش بەکاردێنێت، دەڵێت چ ...ێك ئەو وێنەیەی کێشاوە؟ وێنەکێشەکە خۆی لە نێو هۆڵەکە بوو، هەرکە گوێبیستی لەم دەنگ و جوێنە دەبێت، بە دوای دەنگەکەوە دەچێت و لۆ ئەوەی بزانێت کێیە و لۆ وای پێ دەڵێت؟ دەبینێت وێنەی منداڵێکی کردووە کە پێڵاوێکی لە پایە منداڵەکە، نیگارکێشەکە بە کابرای دەڵێت ئایا ئەم وێنەیە عەیبی چییە؟ ئەویش وەڵام دەداتەوە دەڵێت لە وێنەکە ورد ببەوە قەیتانت لۆ پێڵاوەکەی نەکردووە! لە ساتی وێنەکێشانەکەی لەبیری کردووە! ئەویش دەڵێت بەڕێز تۆ ئیشت چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت من پینەدۆزم(أسكافي)، لەبەرئەوەی کەوا پینەدۆزە بە زۆری سەیری پێڵاو دەکات، بەمە دەگوترێت (رؤية)، ئەم پینەدۆزە هەرچی دراو (معطيات) هەیە لەم بابەتە دەیانهێنێت کۆیان دەکاتەوە لە پێشەکی و پاشەکی و بە گوێرەی ئەم دراوانەوە سەیری بابەتەکەش دەکات، لۆیە دەفەرموێ"(قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ)(النور30) نەیفەرمووە (يغموضوا من أعينهم) چونکە (غض) شتێکە و (غمض) شتێکی دییە، کەواتە (بصر) کە دەجووڵێت بە پێی گۆشەیەکی دیاریکراوەوە دەجوولێتەوە، ئەو ئایەتەی کەوا بەڕیزتان خوێندتانەوە"(أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا)(الأنبياء30) گفتوگۆ لێرە لەگەڵ زاناکانە، لەبەرئەوەی زاناکانیش کۆمەڵێك دراو (معطيات)ی ڕیزبەندکراوی یەك لەدوای یەکی کاتیان هەیە کەوا گۆی زەوی دەست پێکردن و کۆتایی و جووڵە و چالاکی و ئەمانەی هەیە، ئەویش بەپێی زانستێکی جیۆلۆجی یان زانستێکی گەردوونی یاساڕێژ (مقنن) کراوە، جا بەوان دەڵێ وەرن تەماشا بکەن بە گوێرەی ئەم هەموو دراوانەی کەوا لەلاتان هەیە، کەواتە ئەوان کە دێن هەروەکو چاوی پینەدۆزەکەی، یان هەروەکو چاوی ئەندازیاری مەدەنی و تەلارسازییەکەی، هەموو بابەتەکان لەبەرچاویان بەرجەستە و تەندارە، بەڵام هەرچی پێغەمبەرمانە شتێکی دییە، پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) چاوی سەری هەبووە، چاوی (فؤاد)ی هەبووە، هەروەها چاوی (قلب)ی هەبووە، لۆ نموونە دەفەرموێت"(مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى)(النجم11) کەواتە فؤادی (رؤية)ی هەبوو، ناتوانین ئەمە ڕەت بکەینەوە چونکە ئەمە ئایەتە، لە جێگەیەکی دی دەفەرموێت"(فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ)(الحج46) کەواتە چاوێك هەیە لە (قلب)، ئەو چاوە کوێریشی تێدا ڕوو دەدات! ئەگەر چاو لە (قلوب) هەبێت ئەوا پێغەمبەرمان شایەنترە ببینێت، جا لۆیە (رؤية)ی چاو بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە لە (نظر و لە بصر و ...) ئەمانە هەمووی، جا ئەگەر ئەمە دوو مەتر بێت، ئەوەی ئێمە لە دوو مەتر ڕادەوەستێت، ئەوا ئەوەی لای پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە دوو مەترەکەیەوە دەست پێ دەکات، لە لای پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو نییە، کاتێك خەندەق لێدەدات ئەوا (فتح القسطنطينية) دەبینێت، دەچێتە أسراء عمر دەبێنێ، سەلمان دەبینێ، لۆ زانین ئەوساکە نە عمر و نە سلمان(ڕەزای

(خوایان لێ بێت) کۆچی دواییان نەکردووە، کات (زمن) لەلای پێغەمبەرمان(علیە السلام و البرکات) شێوازەکەی بازنەییە، دەسوڕێت، کەچی کات لە لای ئێمە پچڕاوە، بەیەکەوە بەستراو نییە، لۆ؟ چونکە ئەو لە ڕێی (فؤاد) دەبینێت، لەویش بەهێز تر کاتێك کە توانای (فؤاد) تەواو بوو ئەو کاتە (رؤية القلب) دەست بە ئیشکردن دەکات، لۆ نموونە (فؤاد) بڵێین توانای بینینی دوو کیلۆمەترە، پاشان (قلب) دەست پێ دەکات، دەست پێکردنی (ڕؤية القلبية) زۆر بەرجەستە تر و تەندار ترە، و ڕاستەقینانە ترە لە لە بابەتی (فؤاد)یش.